# ئاوشویتس لە ڕوانگەی خوێنەرێکی کوردەوە
# لە چەند دەقی ئەدەبیدا

شەهلا دەباغی

بناغەیەکی گرینگی فکریی دەستبردن بۆ ئەم ژێنۆساید و کوشتارە لەسەر تیۆریی هەڵەی بیۆلۆگیی «ڕەسەنایەتیی نژادی ئاریایی ئاڵمانی» بوو کە بارودۆخی شێواو و شکستی ئابووری-سیاسیی قۆزتەوە تا پەرە بەم تیۆرییە نارەوا و نادرووستە بدا و ڕقی خۆی بەسەر میلیۆنان ئینسانی بێتاواندا دەربکا. بەڵام ئەم تیۆرییە سەقەتە تاکە هۆی دەستبردن بۆ ئەم تاوانە بێسنوورە نەبوو. زیگمۆند باومەن (١٩٢٥-٢٠١٧) لە کتێبی ئاوشویتس و کۆمەڵگای مۆدێڕن (١٩٩١) دا باس لەوە دەکا کە تاوانەکانی کوشتاری جوویەکان و ئاوشویتس و هۆلۆکۆست بەرکار و ئاکامی سیستیماتیکی خودی مۆدێرنیتە بوون و پێیان لە چۆنێتی کارکردی کۆمەڵگای مۆدێڕن دایە و هۆلۆکۆست شتێکی بە هەڵکەوت یا دژی مۆدێرنیتە نەبوو. بەڕای باومەن خودی مۆدێرنیتە دژە- مۆڕاڵ بەرهەم دێنێ و خۆی تێپەڕ دەکا.

*"ئەمن ژمارەیەکم لەسـەر دەسـتی ئەو کوتـا، ئەو ناوی خۆی لەسـەر دڵی من."*
*H. Morris, The tatooist of Auschwitz*

## پێشەکی

لـە مـاوەی دوازدە سـاڵ دەسـەڵاتداریی نازیستەکان لە ئاڵمان لە نێوان یازدە بۆ حەفدە میلیۆن ئینسـان، جوو، قـەرەج، کەمئەندام، هۆمۆسێکسۆئێلەکان، ئەسیرانی شەڕ، کوژران. لەوانە نزیک بە شەش میلیۆن و سێسەدهەزار جـووی ئەورووپـا لـە نێـوان ١٩٤٠ هەتا ١٩٤٥ بە شێوەی سیسـتیماتیک و ئاگاهانە بەدەسـت نازییەکان لـە ئۆردووگاکانی کار، کوورەکانی ئینسـان سووتاندن و بە نەخۆشی لەناوبـردران و ژێنۆسـاید کران. ئـەم تاوانە بەربڵاوە دژەمرۆڤییە بە هۆلۆکۆست[١] ناسراوە. گەورەترین شوێن کە هۆلۆکۆست و کوشتاری جوویەکانی تێدا کرا ئۆردووگای "ئاوشـویتس بیرکێنهاو"[٢] لە ٦٠ ک.م شـاری کراکۆڤ لە پۆلەند بـوو. مێژووی کوشـتاری جوویەکان دەگەڕێتەوە زۆر دوورتر و لە ئینجیل دا باس کراوە و لەسەدەکانی نێوەڕاستیشدا هەمیسان جوویەکان ببوونە قووربانی.[٣]

بناغەیەکی گرینگی فکریی دەسـتبردن بۆ ئەم ژێنۆساید و کوشـتارە لەسەر تیۆریی هەڵەی بیۆلۆگیی "ڕەسەنایەتی نژادی ئاریایی ئاڵمانی" بوو کە بارودۆخی شـێواو و شکستی ئابووری- سیاسیی قۆزتەوە تا پەرە بەم تیۆرییە نارەوا و نادرووسـتە بدا و ڕقی خۆی بەسـەر میلیۆنان ئینسـانی بێتاواندا دەربکا. بەڵام ئەم تیۆرییە سەقەتە تاکە هۆی دەستبردن بۆ ئەم تاوانە بێسنوورە نەبوو.

زیگمۆنـد باومـەن (١٩٢٥-٢٠١٧)[٤] لە کتێبـی ئاوشـویتس و کۆمەڵـگای مۆدێرن (١٩٩١) دا بـاس لەوە دەکا کـە تاوانەکانی کوشـتاری جوویـەکان و ئاوشـویتس و هۆلۆکۆسـت بەرکار و ئاکامی سیستیماتیکی خودی مۆدێرنیتە بـوون و پێیان لە چۆنێتی کارکردی کۆمەڵگای مۆدێرن دایە و هۆلۆکۆست شتێکی بە هەڵکەوت یا دژی مۆدێرنیتە نەبوو. بـەڕای باومەن خودی مۆدێرنیتە دژە- مۆراڵ بەرهـەم دێنێ و خـۆی تێپـەڕدەکا، یا بە واتایەک کۆمەڵگای مۆدێرن نەمەیو و شلە[٥] و دەسەڵاتەکان، تاک و دامودەزگاکانی دەوڵەتی پێکەوە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە پێک دێنن کە ئیمکانی هۆلۆکۆست بەو بەرینییە دروست دەکا.[٦]

پێشتر ئینسان وای بۆ دەچوو کە جیهانی مۆدێرن ڕزگارکەرە. بەڵام بەپێچەوانە، سنووری بێڕەحمی ئینسانەکان دەرحەق بەیەکتر لەژێر کاریگەریی ئیدیۆلۆژییـەکان، تێکهەڵچوونی ئایینەکان، بازای چەک و تەماحی سەرمایەدا، دەتوانێ هەر سـنوورێکی سیاسی و ئەخلاقی تێپەڕبکا. ڕاست لە جیهانی مۆدێرندا ئینسان لەو شـوێنە دەمرێ کە بۆ زیندوومانەوە نانی دەسـتی یەکتر دەپچڕێ، کـوڕ بابی لە ژێر بەفـر بەجێ دەهێڵێ و پیاوێک بۆ پاروونانێک خۆشەویستەکەی دەفرۆشێ. ئینسان دەمرێ، و ئینسان دەبێتە گورگی ئینسان.

## "شـێعر نووسـین دوای ئاوشـویتس بەربەریەتە." ئادۆرنۆ

ئەم ڕسـتە هەژێنەرەی فیلسـووفی جووی ئاڵمانـی تیـۆدۆر ئادۆرنـۆ (١٩٠٣-١٩٦٩) کـە زۆرجار دەم بە دەم دەگـەڕێ، قووڵایی کارەساتی ئاوشـویتس نیشان دەدا و ئەوەکە نووسینی شێعر بۆ ئەم کارەساتە ناموومکینە. بەواتایەک مەبەستی ئادۆرنۆ ئەوەیە کە هونەر و شێعر دەبێ بەرەو داهاتوو بن بەڵام کاتێک باسی ئاوشـویتس دێتە گۆڕ هیچ مەجالێک بۆ ئـەوە نامێنـێ. دواتر ئادۆرنۆ نووسـین و هەڵوێسـتەکەی خـۆی قووڵتـر و دەقیقتر دەکات و بـاس لەوە دەکا کـە هونەر یەک لـە مەیدانـە گرینگەکانە کە دەکـرێ تێیدا لەسـەر ئەزموونەکانی تاک و کـۆ دەربارەی ئاوشـویتس، نازیسم و هۆلۆکۆست کار بکرێ

و فۆرم بدرێن.[٧]
ڕســـتە مەشـــهوورەکەی ئادۆرنـــۆ وەک شەبەنگ چەند توێ لەخۆ دەگرێ. ئەگەر ئەم دەربڕینەی ئادۆرنۆمان وەک خۆی قەبووڵ بێ ئەوە پرۆویکاتیـــڤ و هەژێنەرە. ئەگەر نا هەم گەڕانەوە و هەستیارییە بۆ ئەوەی ڕوویان داوە، و هەم ئەم پرســـیارە دێنێتە گۆڕ کە ئێستا لە چ بەستێن و دۆخێکداین؟

هەزاران وتار، لێکۆڵینەوە، شـــێعر، دراما و ڕۆمان و فیلم تا ئێســـتا لەســـەر هۆلۆکۆست نووســـراوە و ســـازکراوە. لەم وتـــارەدا وەک خوێنەرێکی ســـاکار بـــەدوای وڵامێک بۆ ئەم پرسیارەم کە "ئەزموونی تاکەکانی ئاوشویتس لە ناو دەقـــی ئەدەبیدا چمـــان پێدەڵێن؟"، و هەوڵـــم داوە لـــە نـــاو دەقـــی بەجێماوی قوربانیانی هۆلۆکۆســـت کە ئەزموونی خۆیان نووسیوەتەوە، بەدوای ســـەرەداوێکدا بگەڕێم و لە ڕێگای بەســـتنەوەیان بـــە ڕووداوەکانی ئێستای دەورووبەرمان، بزانین کە ئێمە دەبێ بە چ هوشیارییەک بگەین.

بۆ نووســـینی ئەم وتارە هەشت ڕۆمان و ئاوتۆبیۆگرافیم بە زمانی سویدی یا وەرگێردراو بۆ ســـویدی، لەسەر ئاوشـــویتس خوێندنەوە و یـــا لە ڕادیۆی ســـوید گوێم لـــێ گرتوون، جگە لە ژمارە حەوت کە ســـولەیمان دڵسۆز وەریگێڕاوەتە سەر کوردی. ڕۆمانەکان بریتین لە:

- Hedi Fried, Frågor jag fått om förintelsen
- Anne Frank, Anne Franks dagbok
- Viktor Frankl, Men's search for meaning
- Elie Wiesel, Night
- Otto Kraus, The chirdren's block
- H. Morris, The tatooist of Auschwitz
- C. Giorgio, The twenty fifth hours
- Sören Semmelius, Sanna historier om flickan i Auschwitz

## گوزارشتی دەقەکان

ئـــەو ڕۆمانانەی ســـەبارەت بە ژێنۆســـایدی جوویـــەکان و بەتایبـــەت ســـوتاندنیان لـــە کوورەکانی ئاوشـــویتس و بە گاز خنکاندنیان نووسراون شێواز و فۆرمێکی زۆر تێکتەنراویان نییە. بە پێچەوانە بە شـــێوەی خەتی و سادە نووسراون بەڵام خەسیســـی لە نووسینەوەی هەســـتەکان، بیـــرەکان و ئەزموونـــەکان نەکراوە. نووســـەرەکان ئەوەنـــدەی توانیویانە و وەبیریـــان بـــووە هەســـت، ڕووداو، کات و شوێنیان وەک خۆی نووســـیوەتەوە. بۆ وێنە لە ئاوشـــویتس مانگی دیســـامبری ١٩٤٣ چ ڕوویدا یا لە مەجارســـتان چۆن دەستیان بە گرتنی جوویەکان کرد. هەڵبەت هێندێک لە ڕۆمانەکان زمانێکی سادە و هێندێک زمانێکی دەوڵەمەندتریان هەیە بـــەڵام تەنانەت ڕۆمانە هەرە ســـادەکانیش کاریگەرییەکـــی زۆریان لەســـەر خوێنـــەر هەیە. (ئێمـــەی کوردیش دەتوانیـــن هەمـــان ڕێـــگا بۆ نووســـینەوەی ژێنۆسایدی کورد لە چوارپارچەی کوردستان بگرینەبەر.)

ئاوشویتس هێندە کاریگەریی تاڵی لە سەر ڕووحی ئینســـان بووە کە ئێســـتاش دەکرێ دەیان خاڵی گرینگ لەباری سیاسی، ئەدەبی و دەروونناســـییەوە دەربارەی باس و تیۆریزە بکرێن. هەڵبەت دەیان بیرمەندی وەک باومان، ئادۆرنۆ، ئارێنت کارەســـاتی هۆلۆکۆستیان بە تیۆرییەکانی فەلسەفەی سیاسی لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە تیۆریزە کردووە.

زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی لەسەر ژێنۆسایدی جوویەکان، چەپەکان، دۆم و کەمئەندامەکان و ڕووداوەکانـــی نـــاو ئۆردووگاکانی نازییەکان نووسراون، ســـەرەڕای جیاوازی شێواز و فۆرم و ســـادەیی یا تێکتەنراوەییان، بابەتەکانیان لە چەند خاڵ دا هاوبەشـــن. لەم نووسینە کاڵەدا بە خێرایی باس لە چەند خاڵ دەکەم.

با هەوڵ لە نووســـەری بەناوبانگ ئاننێ فرانک[٨] ڕا دەســـت پێبکـــەم. ئاننێ فرانک

ســـاڵی ١٩٢٩ لە "فرانکفـــۆرت ئێم ماین" لە دایک دەبێ. بنەماڵەکەیان لە ترسی نازییەکان دەچنە هۆڵەند. ساڵی ١٩٤٢ بنەماڵەی ئاننێ وێڕای بنەماڵەیەکی دیکەی جوو بە ماوەی دوو ســاڵان لە ژێرخانێکدا خۆیان حەشار دەدەن. ئەو دوو ساڵە بە نەخۆشی و برسێتی و نەبوونی هەتاو تێپەڕ دەبێ. ئاننێ دەفتەرێکی یادداشتی دەبێ و ڕۆژانە دەنووســـێ. بنەماڵەکەی دیکە کورێکیان دەبێ. لە ئاخریی یادداشـــتەکانیدا ئاننێ باســـی خۆشەویستی خۆی و ئەو کوڕە و هەوەڵین ماچی ژیانی لەگەڵ کورێک دەکا. چەند ڕۆژ دوای ئەوە گێشـــتاپوو دەیانبیننەوە و دەیانبەنە کەمپێک لە "بێرگێر بێلســـێن". هەموو بنەماڵەکەی جگـــە لە بابی لە ئاخری ١٩٤٥ لەنـــاو دەچن. ئاننێ چەند مانگ پێش تەواوبوونی شەڕ بەهۆی نەخۆشی کۆچ دەکا. دوای تەواوبوونی شەڕ بابی دەگەڕێتەوە هۆڵەند و یادداشـــتەکانی کچەکەی لە ژێرزەوییەکە لەنـــاو کاغەزاندا دەبینێتەوە. ئەم یادداشـــتانە وەرگێڕداروونەتە سەر زۆر زمانی دنیا و بوونتە هەوێنی دراما و فیلم.

ئاننێ فرانک بـە تەمەنی پازدە ساڵی و بە تاقە کتێبێک یەک لە گەورەترین نووسەرانی جیهانـــە، ئەوەش نە تەنیـــا بەخاتری ئەوەکە ژیانـــی دوو بنەماڵـــەی جـــوو کە لە ترســـی نازیستەکان خۆیان شـــاردبۆوە بە دێکۆمێنت کرد، بەڵکوو بە خاتـــری فراوانیی بیر و هزر، وشـــە، گێرانەوەی ورد و دەقیق، هەســـت، و نەترســـی لە گێڕانـــەوەدا. خوێنـــەری دەقی ئەدەبی دەکرێ لەخۆی بپرســـێ ئەگەر ئاننێ لە ئۆردووگای ژێردەستی نازییەکان دا نەمردبا و ژیانی کەمپ و ســـوتاندنی ئینســـانەکان و وەحشـــیگەریی نازییەکانی نووسیباوە، چۆنی دەگێڕاوە؟ ئاننێ لە نووسینەکانیدا وەک خاوەن بیرێک ئەم بابەتـــە دەورووژێنێ کە چەندین میلیۆن ئینسان بە هۆی جیاوازیی ئێتنیکی-دینی دەکەونـــە دۆخێکی ئیستیســـنایی و کارەســـات؛ "ئەو هەموو نەهامەتییە تەنیا بە هۆی جوو بوون".[٩]

بە پێی ئەم هەشـــت کتێب و ماتریاڵەی پێشـــتر ناویان هـــات، کاتێک نازیســـتەکان دەســـتیان بـــە کۆکردنەوەی جوویـــەکان و ناردنیان بۆ ئۆردووگاکان و ئاوشـــویتس کرد زۆر بنەماڵـــە و خـــزم لێکدابـــڕان و کەوتنە شوێنی جیاواز. بەڵام خۆ ئەگەر کەوتبانە یەک شوێنیش دیسان مافی ئەوەیان نەبوو پێکەوە بـــن. لە ڕۆمانی منداڵانی ئاوشـــویتس دا ئۆتۆ کراوس باسی ئەوە دەکا کە چۆن جارێک ژن و مێردێک کە لە ئـــۆردووگا یەکتر دەبینن و لە ژێر دارێک دانیشـــتوون و یەکتر لە باوەش دەکەن، لێیان دەدرێ.

دیاردەیەک کە ناو ئەسیراندا ببووە ڕەفتار و تاکتیکێکـــی ســـتراتێژیکی، بریتـــی بوو لە "چالاکانە مت و پاســـیڤ بوون تا گیان ڕزگار کرێ". واتە ئەســـیرەکان بۆ مانەوەی خۆیان و ڕزگارکردنی گیانیان لە جوڵە و قســـەکردن دا لەچـــاو نەدەن و لەبەرچاوان نەبن. بێدەنگ و مـــت و نادیـــار بـــن. بۆ ئەوە دەبـــا لە هەر کردارێکی زشتی زیندانبان چاوپۆشی بکەن/ئێگنۆر، تا نازییەکان لە خۆیان وەخۆ نەخەن. کارێک نەکەن کە نیگای زیندانبان بێننە سەر خۆیان. ئەمە پاســـیڤ بوونێکی کارا بوو. ئەم پاسیڤ بوونە خۆی دەبوو بە کردار و ئەکتێک کە ئەسیر و زیندانی گیانی خۆی پێ نەجات بدا. واتە لەو جۆرە پاســـیڤ بوونەدا ئینســـان دەبـــوو بە بکەرێکـــی کارا. ئـــەم دیاردەیە لە تاریکەسەلاتەکانی مێژووی ئینسانیدا جۆرێک سەرداخســـتن و خەبـــات نەکـــردن بەدوای خۆیدا دێنێ. بەڵام لە ئاوشـــویتس ئەسیر بەم تاکتیکە مەبەستی پارێزگاری لە گیانی خۆی بوو بەڵکوو ڕۆژێـــک ڕزگار بێ. ئەمە جۆرێک بەرخۆدان بوو بۆ زیندوومانەوە.

ســـەرەڕای بێدەنگـــی و خۆپاراســـتنی زیندانییـــەکان، نازیســـتەکان بـــەردەوام لە لێدان، بێڕێزی کردن و شـــکاندنی حورمەتی ئەســـیرەکان وازیان نەدەهێنا. بۆ وێنە ویکتۆر

فرانکل لە کتێبی خۆیدا گەڕان بەدوای مانادا باس لەوە دەکا کە لێدان و ئەشکەنجە بەقەد ئەوە ناخۆش نەبوو کە وەک ئاژەڵێک ڕەفتارت لەگەڵ دەکرا. فرانکل دەنووسێ:

*"ڕۆژێــک کە کارم دەکــرد بۆ چەند چرکە پاڵم وە پێمەڕەکەی دەستمەوە دابوو، ئەفســەرە نازیستەکە دیتمی و بەردێکـــی تێ هەڵکردم. لەو ســاتەدا هەســتم کــرد چ بێڕێزییەکم وەک ئینسان پێ کرا."*

خاڵێکی زۆر گرینگ ڕۆڵی "کاپۆ"کان بوو. کاپۆ ئەوانە بوون کە خۆیان ئەسیر و زیندانی بوون بەڵام وەک هاوکاری نازیستەکان بۆ کاوباری زینــدان هەڵدەبژێردران. ڕەفتــاری کاپۆکان زور جار لە خودی نازیســتەکان ترســناکتر و دڕندەتر بــوو. ئێمەی کــورد و زیندانیانی سیاســی لە زیندانەکانی ئێران شاهیدی ئەم دیاردەیــە بووین و هەیــن کە چۆن جاش و تەوابەکان زۆرجار لە پاســدار و زیندانبانەکان دڕندەترن.

جیا لە تاقیکردنــەوەی دەرمان و دەرزی لەسەر ئەسیران، خەســاندنی ژنان و پیاوان، کار و لێــدان، گەورەترین گرفتی ئەســیرانی ئاوشــویتس "برســێتی" بوو. زیندانی هەموو چرکەکان بەدوای ورکە نــان و گیا و دەنگە پەتاتەیــەک بوو. برســێتی ئینســانەکانی لە ئینســانییەت دەخســت. کێشــەی برسێتی لــە یەکەم ڕۆژەکانــەوە وای دەکرد کە وردە وردە هــەر کەس بــۆ مانەوەی خــۆی تەنیا لەبیر خۆیدا بێ و لەســەر پارۆنانێک کێشــە لەناو ئەســیرەکاندا درووســت بــێ. گەرچی نازییەکان هەموو زێڕ و پارەی ئەســیرەکانیان دەســتاند، بۆ وێنــە تەنانــەت ددانی زێڕی زیندانیان دەکێشــا، بەڵام ئەسیرەکان ئەگەر شتێکیان هەبا بۆ وەدەست هێنانی پارۆنانێک دەیانفرۆشت.

*"کاتیا کوتی چەند کەسم دی وامزانی منداڵن، بەڵام ئینســانی گەورە بوون کــە لە برســێتی چکۆلــە ببوونەوە و تێــک چووبــوون و خەریــک بوون پیســایی یەکتریان دەخوارد و لێکیان هەڵدەسوو."*[۱۰]

ســاڵی ٢٠٠٧ کاتێک خاتوو نەبات فایەق بە داوەتی نووسەر و توێژەری کۆچکردوو مەهاباد قەرەداغی (١٩٦٦-٢٠٢٠) لە کوردســتان ڕا بەشداری کۆنفرانسی ژنانی کورد لە ستۆکهۆڵم بوو، لە وتووێژێکدا بۆ ماڵپەڕی دیمانە (چەند ساڵە ئەم ماڵپەڕە نەماوە) باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن کوردەکان لە پرۆسەی ئەنفال دا لە ئۆردووگاکانی دوبز و ئەبوغەریب لە برســێتی دا دەژیان و چۆن کچەکەی لە ســەرەمەرگدا داوای خەیــار دەکا و دایکــی نەعلێکــی ســەوز دەداتە دەســت کچەکــەی و گیانی دەردەچێ.[۱۱]

برســێتییەکی تاقەتپڕووکێنــەر لــە ئاوشویتس وای دەکرد کە جەستە دوای بەکار هێنانی هەموو پاشکەوتی خۆی بەرو ئێسک و پڕوسک چوون بڕوا. لەو ئۆردووگایانەدا ڕۆژانە لەتێک نان و مەلاقەیەک سووپی شل بە چەند دەنکــە نۆک و پەتاتە (ئەویــش ئەگەر هەبا) بە ئەســیرەکان دەدرا. برســێتی وای دەکرد ئینسانەکان شــێت بن، دوای ماوەیەک ژنان سووڕی مانگانە نەبینن و خەونی ئینسانەکان زۆربــەی خــەون بە نانــەوە بێ. برســێتی غەریزەکانی دیکەی وەک سێکسوالیتەی لەبیر دەبردەوە. بەشێوەی گشتی لەو شوێنانەی کە پیاو زۆرن، وەک ناو ئەرتەش و ئۆردووگاکانی پیاوان، سێکسوالیتەی ناو پیاوان هەیە. بەڵام لــە ئۆردووگاکانــی ئاوشــویتس و بیرکێنهاو برســێتی وای دەکــرد تەنانەت خــەون بە سێکســەوە نەبینی و هەموو خەونەکەت نان بێ و بەس. لەگەڵ ئەوەش دیسان ئەوە ژنان بوون کە هــەم لە لایەن نازییەکان و هەم لە

لایەن پیاوە جوویەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرا.
بە پێی ئەزموونەکانی دوکتور فرانکل کە خۆی توێژەر و دوکتۆر بوو و وەک ئەسیرێک کەوتە ئاوشویتس و وەک هەزاران برسی و نەخۆشیتر ساڵانێکی سەختی تێپەڕ کرد، زیندانی دەبا ڕێگایەکی دیباوە کە بتوانێ بەچۆکدا نەیە. دوکتۆر فرانکل ئەو ڕێگایە لە "دۆزینەوەی مانا بۆ ژیان"دا دەبینێ. ئەو مانایە بۆ هەر کەس دەتوانێ جیاواز بێ: ئایینی، هونەری، ماڵ و منداڵ و هتد، بەڵام چەند خاڵ لە هەموویاندا کاکڵ و گرینگن: ئەوین، گەشەکردنی دەروون و باوەڕ. لە تاریکەساتەکانی ژیانێکی پڕ لە زوڵمی وەک ئاوشویتس یەک شت دەیتوانی ڕزگارت کا: مانادان بە ژیان. بە گوێرەی دوکتور فرانکل "ئەوان دەتوانن هەموو شتێک لە تۆ بستێنن بەڵام نەک ئەزموونەکانت، نەک هەڵبژاردنت." مانای ژیان بۆ دوکتور فرانکل لە ئاوشویتس دوو شت بوو: یەکەم، گەڕانەوە بۆ لای هاوژینەکەی کە زۆری خۆش دەویست، بەڵام نەیدەزانی کە ئەو لەناوچووە. دووهەم، نووسینی کتێبەکەی. بۆیە هەر پەڕە کاغەزێک بۆ یادداشت کردن گەورەترین دیاری بوو، بە تایبەت کە چەند جار یادداشتەکانیان لەناوبردبوو.

ئینسان هێزێکی بێبڕانەوەی لە خەراپە و چاکە هەیە. لەوپەڕی تاوانەکانی نازیستەکان دا، هەمیسان هێزی خۆڕاگری لەناو ئەسیران دا دەبیندرا. دوکتور فرانکل باسی ئەوە دەکا کە "ڕۆژێک یەکێک لە زیندانییەکان لە ئەنباری پەتاتە چەند پەتاتەی دزیبوو. ئەفسەرانی نازی گوتیان یا دزەکەمان پێ دەناسێنن یا هەمووتان ئەورۆ بێنان دەمێننەوە. هەموو ئۆردووگا کە دووهەزار و پێنجسەد کەس بووین بڕیارمان دا ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بین."[12]

لەو ڕۆمانانەدا، سەرەڕای سووتاندن و خنکاندنی ئینسانەکان لە ئاوشویتس، هیوا و چاوەڕوانی بۆ داهاتوویەکی باش دەبیندرێ.

ژنان و پیاوانێک کە هومێدیان بەداهاتوو هەیە زیاتر زیندوو دەمێننەوە. ئەوان بۆ پارێزگاری لە زمانی خۆیان هەوڵ دەدەن و منداڵان فێری زمانی خۆیان دەکەن.

*"دێسامبری ۱۹۴۳ دەستەیەکی دیکە هاتن و ئەوش بە مانای ئەوە بوو کە ئەوانەی کە پێشتر هاتبوون دەبا لە کوورەکاندا بسوتێندرێن. بەربەریەتی بێرەحمانەی نازیستەکان دژ بە جوویەکان، ڕۆمەکان، کەمئەندامەکان تەنیا لە کابووسێک دەچوو. ئەو ئینسانانەی لە هەموو ئەورووپا کۆیان کردنەوە تا دوای دەورەیەکی پڕ لە برسێتی و نەخۆشی، لە کوورەکاندا بکرێنە خۆڵەمێش. لەو کەمپەدا سێسەد منداڵ هەبوون. سەیر ئەوەیە گرووپێک لە ئەسیرەکان زیندوو مانەوە کە ئاگایان لە منداڵەکان دەبوو. خاڵی یەکجار گرینگ و سرنجڕاکێش ئەوەیە کە سەرەڕای ژیانێکی تاقەت پڕووکێنەر، ئەسیرەکان زمانی دایکییان لە ڕێگای کایە کردن و ڕەوایەت فێری منداڵەکان دەکرد. ئەوان بە شێوەیەکی سەیر پارێزگاری زمان و منداڵەکان بوون. زۆربەی ئەوانەی ئەو ئەرکەیان وەئەستۆی خۆیان دەگرت ماموستا، ئاکادێمیکار و ڕووناکبیرەکان بوون. ژن و پیاو."[13]*

لەو ڕۆمانانەدا خوێنەر شاهیدی ئەوەیە کە کارەساتی هۆلۆکۆست و دۆخی ژیانی ئاوشویتس ناتوانن هەستی خۆشەویستی لە ئینساندا بنەبڕ بکەن و بیکوژن. خۆشەویستی و ئەوین وەک بناخە، وزە و غەریزەی سەرەکیی ئینسان، لە ئاگری کوورەکانی ئاوشویتس بەهێزترە و باڵ بەسەر ڕووت و قووتی و دۆخی شەپرێوی ژیاندا

دەکێشێ:

*"ئەگەرچــی شــەلوارەکەت کورتە و قاچت بەدەرەوەیە، کراسەکەت دڕاوە، پێــڵاوە پارچەییــە دڕاوەکانت بەدوی خۆتدا دەخشێنی تا نەکەون، بەڵام من تۆم هەر خۆشدەوێ."* [۱۴]

بە پێی هەر هەشــت بیرەوەری و ڕۆمانەکان، دڵڕەقی و بێڕەحمی گێشــتاپۆ و ئەفســەرانی نازیســت بێســنوور بووە. زیندان و گێتۆ ئەو شــوێنانەن کە دەســەڵاتی فاشیستی پێ لە هەموو نۆرمەکانی ئەخلاقی و سیاســی دەنێ و هیچ شــتێک پێش بە دڕندەیی زیندانبان ناگرێ. (هەر ئێستا کە من ئەم وتارە دەنووسم فیلمی زیندانەکانــی ئێران هاتوونەتە دەر کە چۆن بــە چەندین کەس لە زیندانی نەخۆش دەدەن، زیندانــی بەســەر زەوی دا ڕۆکێش دەکــرێ، هتد. ئەم فیلمانە خۆیــان بە تەنیا بەســن بۆ دروســتیی تیۆری فۆکــۆ لەمەر پەیوەندی دەســەڵات، زیندان و چاوەدێری، هەڵبــەت چ لەناو زینــدان و چ لە دەرەوەی زیندان‌دا).

دەروونناس هێدی فرێید[۱۵] کە خۆی لە تەمەنێکی کەمدا لەگەڵ خوشکەکەی دەکەونە بەر دەست نازیستەکان، دوای شەڕ دێنە سوید. ساڵی ۲۰۱۵ لە ڕادیۆ سوید وڵامی پرسیاری گوێگران ســەبارەت بە هۆلۆکۆست دەداتەوە و باســی ئەزموونەکانی خۆی لە ئاوشــویتس دەکا؛ باســی لەدەستدانی دایکوباب، برسێتی، نەخۆشی، چۆن ژنان دوای ماوەیەک سووڕی مانگانەیان نەدەما، چۆن ماقی خۆشەویستیان نەبوو، ئایا کەڵکی جنســییان لێ وەردەگرتن یــا نا، چۆن هێندێکیان بۆ ئەوە لە کەمپەکان نەمێنن لە ماڵی ئەفســەرانی نــازی کارییان دەکرد و تــاد. هێدی فرێید لە بەشــێک لە وڵامەکانیدا ڕادی بێڕەحمی نازیســتەکان بەم شێوەیە باس دەکا:

*"ئالیــس منداڵەکەی بوو. ئەفســەرە نازییەکــە منداڵەکەی ســەرەونخون ڕاگرت و دوایە لە ناو لوولەکانی زێرابی هاویشت و گوتی مووسای بچووک برۆ بۆ دەریای نیل."* [۱۶]

بــەڵام ڕەنگــە دڵتەزێنتریــن ڕووداوێک لەو هەشــت بیرەوەریــی و ڕۆمانــەدا کە کاتی خوێندنــەوە تەواو سەرســام و ئاوارەت دەکا ڕاست ئەو کاتە بێ کە هێدی و خوشکەکەی لە ڕۆژانی ئاخری شــەڕ لە ئاوشــویتس دێنە دەر بەڵام لەم جیهانەدا هیچ کەسێکیان نییە پەنای بۆ بەرن و ڕاست کوشتارگای هەزاران ئینســان واتە ئاوشــویتس دووبارە دەبێتەوە شوێنی خەویان:

*من و خوشکە چکۆڵەکەم لە ئاوشویتس هاتینــە دەر. بەڵام هیچ کوێمان نەبوو بچین. گەڕاینەوە ناو ئاوشویتس.* [۱۷]

## تەمەنی ئەفسووناویی پازدەساڵەیی

ئێلــی ویزێل[۱۸] لــە تەمەنی پازدە ســاڵیدا وێڕای ســەدان کەســی دیکە شــەوێک لە قەتــار دادەبەزێ و پێ دەنێتە ئاوشــویتس و کوورەکانی ئینســان ســووتاندن دەبینێ. ئەو لە ڕۆمانی شــەو دا دەڵێ: "ئەو شەوە کاتێک کوورەکانم دی بۆ هەمیشــە شتێک لە مندا مرد."

ســەلیم حەقیقی نووســەری کوردیش لــە ڕۆمانی قــەرەج دا (۲۰۲۱) باس لەوە دەکا چۆن لە تەمەنی پازدەساڵیدا دەچێتە ژێر ســێدارە. لەبن ســێدارە دادســتانەکە بە حاکمی شــەرعەکە دەڵــێ کە ئەوە زۆر منداڵە، دڵم بەڕایی نادا حوکمی ئیمزا بکەم. حاکم دەڵێ ئیمزای بکە. دادســتانەکە کە بەهەڵکــەوت لەو سیســتەمەدا تۆزێک لە ئینســانییەتی تێدا ماوە دەڵێ ساڵی دیکە کە گەورەتر بوو ئێعدامی دەکەین. حەقیقی

دەنووسێ:

"دیمەنی ئەو پێنج کەسە بەهەڵاوەسراویی و هەواڵی لەسێدارە نەدانم هەستێکی سێحراوی بوو. من ون ببووم. دەتوت لە بیابانێکی ویشک و بێ ئاو لەسەر لمی برژیو ڕاوەستابووم. گەرمی خۆر خەریک بوو قاڵی دەکردمەوە. هیچ فریارەسێک نەبوو. لە نووکی پێیم هەتا تۆقی سەرم شەڵاڵی ئارەقە بوو. ئەوەندە ترسابووم ویشک هەڵاتبووم. پێی ڕۆیشتنم نەبوو. ورەم دابەزیبوو و تەنانەت چەند جار دەستم بە ملم داهێنا. دەتوت منیش پەتم دە مل دایە. کاتێک منیان بردەوە ژووری قەرەنتینە لە جێگای خۆم حەبەسابووم. هیچ قسەیەکم بۆ نەدەکرا. بیرم لە لینگەفرتەی ئەو چەند کەسە دەکردەوە، تف لە زارم دا ویشک ببوو و ڕەنگم دەبەردا نەمابوو. دڵم سیس هەڵگەڕابوو. هەر لەو کاتەوە شتێک لەناو دڵم دا مرد."[۱۹]

دوای ڕزگاری لە ئاوشویتس، ویزێل یەک لەو کەسانە بوو کە بە دەوری دنیادا دەگەڕا و باسی هۆلۆکۆست و لەناوبردنی جوویەکانی دەکرد. ویزێل ساڵی ۱۹۸۶ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی وەرگرت. ئەو ئارەزووی دەکرد خەڵکی دنیا ئەوەندە هوشیاربن کە کارەساتێکی وا لە هیچ کوێ ڕوونەداتەوە. کارەساتی هۆلۆکۆست وای کرد کە ئەو زۆر زوو بە تەمەنی پازدە ساڵی پیر بوو:

"دایکم و خوشکەکەمیان لە ئێمە جیا کردەوە. دیتم کە دایکم دەستی بەسەر پرچە زەردە جوانەکەی خوشکە چکۆلەکەمدا کە حەوت ساڵی بوو، دەکێشا. بابم دەیگوت بریا لەگەڵ دایکت ڕۆیشتبای. لە بیری خۆیدا پێی وابوو هەلی زیندوومانەوەم ڕەنگە زیاتر با. بەڵام ئەوانیان بەرەو کوورەکانی ئاور بردن[...]. هەروەک زەمانی پێشوو کە نازدار بووم ئەو ڕۆژە سووپەکەم نەخوارد. بابم بەشەکەی منیشی خوارد. ڕۆژانی دواتر هێندە برسی بووین کە هەموو شتێکم دەخوارد."[۲۰]

یەک لە پتەوترین ڕۆمانەکان سەبارەت بە چارەنووسی ئینسانە بێ‌پەنا و سادەکان لە ژێر دەستی حکومەتە مۆدێرنە تۆتالیتەرەکان و کوشتاری میلیۆنان ئینسانی بێتاوان بەدەست نازیسم، ڕۆمانی کاتژمێر ۲۵ لە نووسینی کۆنستانتین گیۆرگیوویە.[۲۱] ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی قووڵ چۆنێتی و مێکانیزمی فاشیزم، نازیسم و ڕووداوەکانی شەڕی جیهانی و کاریگەرییان لەسەر تاکە سادەکان نیشان دەدا. بەڕای نووسەر و توێژەری کورد شێرکۆ هەژار ئەو ڕۆمانە یەک لە باشترین کتێبەکانی جیهانە:

"مرۆڤ زۆر خەمبار دەکات، بەڵام کتێبێکە بە هەزار کتێب. لای من، یەکێکە لە باشترین چوار یا پێنج کتێب لە هەموو ئەو کتێبانەی لە ژیانمدا خوێندوومنەتەوە."[۲۲]

کاتی خوێندنەوە هاوڕێ لەگەڵ قارەمانی ڕۆمانەکە، یوهان کوڕێکی زۆر ساکار و مەسیحی لە وڵاتی ڕۆمانی کە بەدوای ژیانێکی زۆر ئاساییدا دەگەڕێ، گرفتاری چەرخ و چەکمەی نازیسم دەبێ، بەنێو خەندەقەکاندا دەڕۆی، سەتڵە گوویەکانی ئۆردووگاکان مێشکی سەرت دەبا، بەزۆر لە خۆشەویستەکەت، سووزانا، جیات دەکەنەوە و سووزانات لێی دەسەتێنن. تەنانەت بێ ئەوە بزانی دەتنێرنە ئاڵمان و دەکرێیتە سەربازی

نازییەکان، و ئەتۆ هــەر نازانی بۆ ئەم هەموو کارەساتانەت بەسەر هاتووە.

لەگەڵ برســێتی و بێڕێزی، ئەشکەنجە و ئــازار و لێدان، کاری ســەخت بە بێ پێڵاو و جلوبەرگی شیاو لە ســەرمای ژێر سیفردا، تیفووس و نەخۆشــی، بێدەرمانــی، نەبوونی کەرەســەی پاک و خاوێنــی و ئاوی گەرم و دەیان گرفتی دی، لە ماوەی چەند ســاڵاندا چەندیــن میلیۆن ئینســان بوونــە قوربانی شکستی ئەخلاقی- سیاسی و نژادپەرەستیی ئیدئۆلۆژییــەک بەناوی نازیســم. ژێنۆســاید زنجیرەیەکی نەپســاوەیە لە ئەکتی باڵادەست کە دەکەوێتــە بازنەیەکی شــووم. هاتنەدەر لێــی دژوارە. هەمــووی ئەوانــەی هاوکاریی جۆرێــک لە نژادپەرەســتی، ئیدئۆلــۆژی، یا ئایینمــەداری دەکەن، ویا لــە بەرامبەریاندا بێدەنگی هەڵدەبژێــرن، زۆر جار دەکەونە ناو بازنەی پیسی ژێنۆسایدی "ئەویتر". لە شەڕی دووهەمدا زۆر وڵات بێدەنگیان هەڵبژارد و یا هاوکاریی نازیستەکانیان کرد.

هــەر لــە دەورانــی مۆدێــرن دا، پێش هۆلۆکۆست و دوای هۆلۆکۆست ئەرمەنییەکان و کــوردەکان بــە بیانووی ئایینــی، نژادی و قەومی بەدەســت داگیرکەرانی کوردســتان ژێنۆســاید دەکرێن. لە مانگــی مەی ١٩٣٧ لە درســیم ٧٢هەزار کورد بەدەست دەوڵەتی تورک ژێنۆســاید کــران. یا کاتێک ســەدام دەســتی بە "ئەنفال" کرد، ئــەو تاوانە تەنیا لــە یەک کات و یەک ناوچــە دا نەماوە و لە گەرمیان (١٩٨٤) را پەلی هاویشــتە بارزان و بۆمبارانی شــیمیایی حەڵەبجە(١٩٨٨) کە زیاتر لە پێنجهەزار ئینسان لە چەند کاتژمێردا شــەهید کران. دواتر (٢٠١٤) ئێمە شاهیدی ژێنۆسایدی ئێزەدییەکان و بە یەخسیرگرتنی شەشهەزار ژن لەلایەن داعش بووین. بەڵام تا ئێســتاش کورد نەیتوانیوە ژێنۆساید بکاتە پرســێکی نەتەوەیی و دەرفەتێک بۆ پرســی سەروەریی سیاسیی خۆی.

زۆرجــار ڕەخنەگرانــی ئەدەبی گرینگی زیاتــر دەدەنە زمان، فۆرم و خەیاڵ. ڕاســتە فــۆرم، ناوەرۆک، دیالۆگ و پێرســۆناژ یەکتر دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ڕۆمانانەی هەڵقوڵاوی ئەزموونی نووســەر یا دەوروبەرێتی و بە زمانێکی ســادە و ڕەوان دەگوترێن زیاترین قسەیان پێیە. ڕۆمانەکانی خولقاوی دەستی قوربانیانی نازیسم ئەوەمان پــێ دەڵێن کــە خوێنەر دەتوانــێ بە دوای جوانکاری و فۆرمدا بگــەڕێ بەڵام واقعەکان هەمیشــە زیاتــر هەڵتدەتەکێنــن و وەهــا ســەروژێرت دەکەن کە چەنــد ڕۆژ دیمەنی تەرمی ئــەو پیاوە پیرەی لەبەر نەخۆشــی و برســێتی نەیتوانی بەرەو ئازادی بڕوا و لەژێر بەفردا بەجێ ما لەپێش چاوت ون نابێ. وەها هێڵنجان دەدەی کە چەنــد ڕۆژ ناتوانی نان بخۆی و لەگەڵ ئەسیرانی ئاوشویتس شەوانە خــەون بە نانــەوە دەبینی. بەڵام ســەرەڕای بێڕەحمیــی ئینســان دەرحەق بە ئینســان، تەنانەت لە کارەســاتێکی وەک ئاوشویتس‌دا دەکرێ ئەوین بۆ هەمیشە لە سەر دڵت وەک خاڵێــک بکوترێ، و وزە و هێــزی کیژۆڵەی جەوان، هێدی، دووبارە بێتەوە ناو قاچەکانت و بەرەو ڕزگاری هەنگاو بنێی.[٢٣]

## پەراوێز و ڕێفرێنس


1. Holocaus
2. Auschwitz-Birkenau
3. https://sv.m.wikipedia.org/wiki/F%C3%B6rintelsen
4. Zygmunt Bauman
5. Liquid Modernity
6. Zygmunt Bauman. Auschwitz och det moderna samhället, 1991.
7. https://www.levandehistoria.se/studieresor-till-forintelsens-minnesplatser/efter-resan-elevers-redovisning-och-fordjupning-0
8. Anne Frank




9. Anna Frank s Dagbok i fem delar https://sverigesradio.se/grupp/32354

10. Sören Semmelius, Sanna historier om flickan i Auschwitz.

١١. شـــەهلا دەباغی، ژنێک لە ئەنفال دەدوێ. وتووێژ لەگەڵ خاتوو نەبات فایەق، ٢٠٠٧

12. Viktor Frankl, Men’s search for meaning.

13. Otto Kraus, The chirdren’s block.

14. The chirdren’s block.

15. Hédi Fried

16. Hédi Fried. Frågor jag fått om förintelsen, SR, Sommarprat.

17. Frågor jag fått om förintelsen, SR, Sommarprat.
https://sverigesradio.se/avsnitt/571823

18. Elie Wiesel

١٩. قەرەج، سەلیم حەقیقی،٢٠٢١، کتێبفرۆشی هەرزان

20. Elie Wiesel. Night.

21. C. Giorgio, The twenty fifth hours.

٢٢. وەرگێرانی سولەیمان دڵسۆز. فایلی پێدیئێڤ کە بەسپاسەوە لە وەرگێر وەرمگرت.
https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=465336271456966&id=100039417909894

23. H. Morris, The tatooist of Auschwitz.